# حەوت کەس خوای گەورە دەیانخاتە ژێر سێبەری خۆی لە ڕۆژێکدا هیچ سێبەرێك نییە جگە لە سێبەر ئەو

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «حەوت کەس خوای گەورە دەیانخاتە ژێر سێبەری خۆی لە ڕۆژێکدا هیچ سێبەرێك نییە جگە لە سێبەر ئەو: پێشەوایەکی دادپەروەر، وگەنجێك گەورە بوو لەسەر پەرستنی الله، وپیاوێك دڵی بەستراوەتەوە بە مزگەوتەکان، ودوو پیاو لە پێناو الله یەکتریان خۆشویست، لەسەر ئەو خۆشەویستیە بە یەك گەیشتن ولە سەری لە یەك جیابوونەوە، وپیاوێك ئافرەتێکی خاوەن دەسەڵات وجوان بانگی کرد بەڵام ئەو ووتی: من لە الله دەترسم، وپیاوێك خێری کرد وشاردیەوە هەتاوەکو دەستی چەپی نازانێت دەستی ڕاستی چی خەرج دەکات، وپیاوێك بە تەنها یادی الله ی کرد؛ وچاوەکانی پڕ بوو لە فرمێسک».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- موژدە دەدات بە حەوت کۆمەڵ لە ئیمانداران بەوەی خوای گەورە دەیانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆی لە ڕۆژێکدا کە هیچ سێبەرێك نییە جگە لە سێبەری ئەو: یەکەم: پێشەوایەکی -دەسەڵاتدارێکی- دادپەروەر کە لە خودی خۆیدا فاسق وتاوانکار نییە، ولە نێو خەڵکەکەیدا دادپەروەرە وستەم ناکات؛ ئەمیش کەسانی خاوەن دەسەڵاتە باڵاکان دەگرێتەوە، هەروەها هەموو ئەوانەیش دەگرێتەوە کە دەکرێن بە بەرپرسیار لەسەر شتێك لە کاروباری مسوڵمانان ودادپەروەرن تێیدا. دووەم: گەنجێك گەورە وپەروەردە بووبێت لەسەر پەرستنی الله، وتەمەن وچالاکی لەم ڕێگایەدا بەسەر ببات؛ هەتاکو لەسەر ئەم حاڵە وەفاتی کرد. سێیەم: پیاوێك دڵی بەستراوەتەوە بە مزگەوت، ئەگەر لە مزگەوت دەربچێت دڵی لەلای گەڕانەوەیە بۆی بەهۆی زۆری خۆشەویستی بۆ مزگەوت وپابەند بوونی خۆی ودڵی پێوەی؛ ئەگەرچیش بە لاشە لەبەر هۆکارێك لە دەرەوەی مزگەوت بێت. چوارەم: دوو پیاو بە ڕاستیەوە یەکتریان خۆشدەوێت لە پێناو الله، ولەسەر ئەم خۆشەویستیە ئاینیە بەردەوامن ونەیانپچڕی لەبەر هۆکارێکی دونیایی؛ ئینجا لە ڕاستیدا بە لاشە گەیشتبێتن بە یەك یان نا هەتاوەکو مردن لە یەکیانی جیا کردەوە. پێنجەم: پیاوێك ئافرەتێك بانگی بکات بۆ کاری داوێن پیسی لەگەڵ خۆیدا، لەکاتێکدا ئافرەتەکە خاوەن بنەماڵەی بەناوبانگ وناوداری وسامان وجوانی بێت؛ بەڵام پیاوەکە ڕەتی بکاتەوە وبڵێت: من لە الله دەترسم. شەشەم: پیاوێك خێرێکی کەم یان زۆر دەکات، ولەم کارەیدا ڕیایی -پێش چاوی- ناکات بەڵکو دەیشارێتەوە هەتاوەکو دەستی چەپی نازانێت دەستی ڕاستی چی دەبەخشێت. حەوتەم: پیاوێك لە تەنهاییدا ودوور لەخەڵکی یادی الله دەکاتەوە لە دڵیدا یان لە زمانیدا؛ بۆیە چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسك لە ترسی الله و بەمەزندانانی ئەو -سبحانە وتعالى-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66234

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee